## بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**

**سەرۆکایەتی هەرێم**

**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

بـــڕیار

ژمـــارە (١٦) ســـاڵـــی ٢٠١٠

بەپێی ئەودەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی ( یاسای ســەرۆکایەتی هــەرێمی کوردســتان – عێــراق )ی ژمــارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لــە دانیــشتنی ژمارە (٧) لە ٢٠١٠/١٠/٢٦ بڕیارماندا بەدەرکردنی :

## بـــڕیـــاری ژمـــارە ( ٦ )ی ســـاڵـــی ٢٠١٠ ی
## پـەرلــەمـانـی کـــوردســـتان – عـــێراق

**یەکەم :** جەژنی سەری ساڵی ئێزدی کە یەکەم چوارشەممە لە مانگی نیسانە بە گوێرەی ساڵنامەی ڕۆژهەڵات، بە پشووی فەرمی بـۆ هەرێمی کوردستان – عێراق دادەندرێت .

**دووەم :** ئەو جەژنانەی دادێن بەچەژنی فەرمی بۆئێزدییەکان لە هەرێمدا دادەندرێن :

١. جەژنی جەمایێ لە حەوتی (٧) ی مانگی تشرینی یەکەمی زایینیەوە تاوەکو سێزدە (١٣)ی لە هەمووساڵێکدا .

٢. جــەژنی چــلەی هــاوین لەســی ویــەکی (٣١) ی مــانگی تــەمووزەوە تــاوەکو دوو (٢)ی مــانگی ئــابی زایینــی لە هەموو ساڵێکدا.

٣. جەژنی ڕۆژووی ئێزدییەکان کە ڕێکەوتی یەکەمین ڕۆژی هەینییە لە مانگی کانوونی یەکەم بەساڵنامەی ڕۆژهەڵات .

**سێیەم :** دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنانی پەیوەندیدار ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن .

**چوارەم :** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێ ولە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) دابڵاودەکرێتەوە .

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**هەولێر :**

٧/ تشرینی دووەم /٢٠١٠ی زایینی .

١٦/ گــەلاڕێـــزان /٢٧١٠ی کوردی .

١/ ذوالحـجـــــە / ١٤٣١ی کۆچی .